http://jgarmianuniv.net https://doi.org/10.24271/garmian.31

# شرۆڤەی جوگرافیایی- مێژوویی هێڵی ڕۆشنبیری ناوچەی گەرمەسێر لە سەردەمی عەباسیەکاندا

ئەحمەد غەمپەروەر زينب كريم عبدالله

زانکۆی گەرمیان، بەشی جوگرافیا، کۆلێژی زمان وزانستە مرۆڤایەتییەکان

shvanperver@gmail.com

zeynab.salehinia@gmail.com

## پوختە

ناوچەی گەرمەسێر لە سەدەکانی سێ بۆ حەوتی کۆچی سەردەمێکی زێرینی تێپەڕاند، گەرمەسێر لەو کاتە کۆمەڵێك زانای ڕۆشنبیر لە بوارەکانی مێژوو، شیعر، دادوەری وشیکاری و هتد...) پەروەردەو پێشکەشی جیهان کردو خزمەتێکی شایانی بە ناوچەی گەرمەسێر و دونیای ئەو سەردەمە گەیاند، لێرەدا ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە ئەو دەستکەوتە مێژوویە لە هێڵێك لە دینەوەر دەستپێدەکات دوای حلوان لە شارەزوور کۆتایی دێت، تۆمارکراوە .

ئەوە بووە بنەمای پرسیارێك کە توێژینەوەکەی لەسەر بنیاتنرا دوای گەڕان بە شوێن سەرچاوەکانی پەیوەندیدار بەو کاتەی ناوچەی گەرمەسێر و کۆکردنەوەی زانیاری وشیکاریان، توێژینەوە گەیشتە ئەو دەرئە نجامە کە چەند ڕەهەند وەکو هەڵکەوتی جوگرافیایی شوێن، دۆخی هەمواری کەش وهەوا، پێگەی جوگرافیایی گواستنەو وڕێگاوبان، هەڵکەوتن لە نێوان دوو ژیاری عەرەبی- ئێرانی، نزیك بوون لە پایتەختی ڕامیاری، سەقامگیری ڕامیاری، نیشتەجێبوون لە شوێنی شارستانیەتەکان، کەشی ڕامیاری زاڵ ( ئیسلام) و ئیمان بە ڕێباز لە پەیوەندی بەیەکەوە بەستنێکیان ڕەخساند و بوو بەهۆی ئەوە کە لە ژێر سێبەری ئەوان ناوچەی گەرمەسێر ئەو سەردەمە زێرینە بە خۆ ببینی.

## پێشەکی

سنوورەکانی ڕامیاری و مۆدێرن کۆمەڵگاکان لەیەك جیا دەکەنەوە و بیرکەردنەوەی مرۆڤ لە لێکدانەوەی مەسەلەکان بە شێوەیەکی زانستی تووشی تەنگژە دەکەن. ناوچەی گەرمەسیر بە هەمان شێوە کە ئێستا بۆوەتە دوو بەش، بەشێك لە ئێران و بەشەکەی تریش لە عێراق نموونەی ڕوون و ئاشکرا لەو بووارەدایە، ئەم مەسەلەیە دەبێتە هۆی ئەوە کە کەمتر بووار بۆ یەکدەستی فکری برەخسێ. تا پێش سەردەمی مۆدێرن ئەم ناوچەیە یەکپارچە بوو، هەموو شتێك لە توخمی مادی یا مەعنەوی، بە لایانی کەم لە دینەوەر تا شارەزوور بێ گرفت دەڕۆیی و کاریگەری تا ڕادەیەك یەکسانی لەم مەودایە بە جێ دەهێشت، ئەو دۆخە بەستێنێکی خۆڵقاندبوو کە ئێمە بە ناوی "هێڵی رووشنبیری" باسمان لێکردووە،

هێڵێك کە لە چوار بنکەی سەرەکی دینەوەر، حلوان و شارەزوور پێکهاتبوو، کۆمەڵێك ڕووشنبیر و زانای پێشکەشی ناوچە و جیهانی ئەو سەردەمە کرد و لە بوواری شارستانیەت ناسنامەیەکی جوانی بۆ ناوچەی گەرمەسیر تۆمار کرد، دەسکەوتانێك کە ناوچەکانی دەور وپشت تا ڕادەیەك زۆر لێی بێبەری بوون. پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە چە جورە بەستێن و زەمینەیەك هەبوو کە ئەو بووارەی ڕەخساند کە ناوچەی گەرمەسیر ببێت بە بنکەی ڕووشنبیری ئەو سە-ردمە.

## بنەمای تیۆری توێژینەوە

هەر بابەتێکی توێژینەوە پێویستی بە تیۆریەك هەیە تا بنیات بگرێ و لە کۆتاییشدا لە سەر ئەم بنەمایە شرۆڤە بکرێ و چوارچێوەی تایبەتی هەبیت. بۆیە لێرەدا لە تیۆری "بڵاوبوونەی فەزا"[1] کە لە لایەن هاگرستراند، زانای سوئێدی ختراوەتەڕوو، سود وەرگراوە بەڵام بە هۆی "جیاوازی ناوچەیی و کاتی" تیۆریەکە بە ناتەواو زانراوە بۆیە، لە دەرەوەی تیۆریەکە هەندێك بابەتی پیوەندی دار باسکراوە" بەم شێوەیە تێکۆشراوە چارەسەرێك بۆ کەم و کوڕتیەکان بکرێ و شرۆڤەیەکی زانستی بۆ بابەتی توێژینەوەکە ئەنجام بدرێ.

چەمکی بڵاوبوونەوە بریتیە لە پرۆسەیەکی پەرەپێدەراو لە ناوچەیەك لە پانتایی زەوی کە لە ئاکامی ئەم بڵاوبوونەوەیەدا، کردار و ئاکاری خەڵك یا تایبەتمەندی دیمەنەکان کە پێشتر لەم مەکۆیەدا دروست ببوون، تووشی ئاڵ و گۆڕ دێن. بە واتایەکی تر، بڵاوبوونەوەی فەزا، بریتیە لە بڵاوبوونەوەی دیاردەیەك لە بنکەی سەرەکی خۆی یا بنکەکانی، لە نێوان خەڵکێك کە ئامادەی وەرگرتنی ئەم دیاردەیەن[2]. ئەم پرۆسەیە دەتوانێ ئاڵوگۆڕی زیاد لە دیمەنەکانی سروشتی، دەستکردی مرۆڤ، هەڵسوکەوت و ڕوانینی خەڵك دروست بکا[3].

بڵاوبوونەوەی دیاردەکان دەتوانێ شێوازی جۆراوجۆری بڵاوبوونەوەی پەرەسەندن ، دووبارە ، تەشەنە و زنجیرەیی بە خۆوە ببینێ[4]. چەند فاکتەرێك وەکوو" ١- ژینگەیەك کە پرۆسەی بڵاوبوونەوە تێدا دەست پێدەکا، ٢- کات کە شیاوە بە شێوەیەکی بەردەوام یا مەودایی بێت، ٣- فاکتەری سێهەم بابەتی بڵاوبوونەوەیە، ٤- شوێن و مەکۆی بڵاوبوونەوە بابەت، ٥- شوێنی وەرگرتنی بابەت و ٦- ڕێڕەوی بڵاوبوونەوە بابەت[5] کاریگەریان هەیە.

---
[1] Spatial diffusion

بەڵام ئەوەی لە تیۆری بڵاوبوونەی فەزا جێی سرنجدانە ئەوەیە کە ئەم بڵاوبوونەوە بێ گوێگرتن لە تایبەتمەندی و پێوەندی جوگرافیاکانی سەرهەڵدان و شوێنی مەبەست تووشی کەموکوڕیە بەم شێوەی کە ئۆڵمەن باس دەکات.[٦] سەرەڕای ئەوە، زیاتر لە تیۆری بڵاوبوونەوە وێدەچێ هەندێك تایبەتمەندی تایبەت بە ناوچەکە وەکوو: فەزای سیاسی سەردەم و سەقامگیری، هەڵکەوت (جوگرافیایی، کەش و هەوا، کلتوری، دووری و نزیکی لە پایتەختی سیاسی) و هتد بەشدارە کە هەل بۆ پرۆسەی بڵاوبونەوە دەرەخسێنی و گرینگینەدان بەوان بۆشاییەك دروست دەکا.

**مێتۆدی توێژینەوە**

توێژینەوەی بەردەست لە بوواری مێتۆدەوە دەکەوێتە خانەی وەسفی – شیکاری. لەو چوارچێوەیەدا تێکۆشراوە داتاکانی توێژینەوە بە شێوەی پەڕتووکخانە و دۆکیۆمێنت دابین و لە کۆتاییدا شێ بکرێن.

**شوێنناسی ناوچەی گەرمەسێر**

ناوچەی گەرمەسێر لە بوواری زەویناسی بەم شێوە دروست بووە: بە هاتنی نیمچە دورگەی عەرەبستان بۆلای ئێران، زەریای تەنکاوی نێوان ئێران و عەرەبستان (زەریای زاگرۆس) کە ناوی خرتوخاڵی ئاهەك، ورکەبەرد و خیز لە سەر یەك کەڵەکە کرابوو، تووشی قرچان هات و زەنجیرە چیای زاگرۆسیان پێك هێنا، ئەم زەنجیرە چیایە پێك هاتووە لە زاگرۆسی هەڵنەقرچاو، زاگرۆسی هەڵقرچاو و بڵیند[٧] بەم شێوەیە بە چێ بوونی ئاڵ و گۆڕەکان لەم ناوچەیە بار بۆ ژیان ڕەخسا.

لەبوواری رامیاری خەلافەتی عەبباسی (١٣٢ – ٦٥٦ کۆچی) دوای شکست هێنانی ئەمەوی بوو بە فەرمانڕەوای جیهانی ئیسلام، بەڵام بە هاتنی سەدەی سێی کۆچی و پرۆسەی لامەرکەزی لە دەسەڵاتی سیاسی عەبباسی، هەل بۆ دەسەڵات-گرتنی زنجیرە حکومەتە خۆجێیی و نیمچەسەربەخۆیەکان ڕەخسا و دامودەزگای عەباسیان ناچار لە دانپێدانیان بوو[٨] بەم شێوە لە کوردستان لە سایەی کەشی گشتی خەلافەت ئەمارەتەکانی عیشانیە(ئەمیرنشینی پێش حەسنەویەکان تا ٣٤٨ کۆچی)، حەسنەویە(٣٣٠-٤٠٦ کۆچی) و بەنی عەناز(٣٨١-٥٥١ کۆچی) لە ناوچەی گەرمەسێرسەریان هەڵدا[٩] و حوکمی ناوچەکەیان گرتە دەست کە هاوکات بو لە گەڵ چاخی زێڕینی ئیسلام.

**نەخشەی ناوچە گەرمسیر**



سەرچاوە: لسترنج، ١٣٩٠خ،(١)

**ا) شاری دینەوەر**

ئەم شارە، شارێكی كۆن و لە ناو شارەكانی ئەیالەتی جیبال( ماد ) دا بە ناو بانگ بووە. بناغەی ئەم شارە لە پێش سەلوكیاندا دانراوە، دوای ئەوە كە سوپای ئیسلام شاری نەهاوەندیان گرت( ساڵی ٢١ كۆچی ) دینەوەرەكان ئیسلامیان قەبوڵ كرد، لە سەردەمی ئیسلام ( ئەمەویە و عەبباسیەكان ) دینەوەر زۆر ئاوەدان بوو، بە هاتنی حەسنەویەكان دینەوەر بوو بە پایتەخت [10] و دوو هێندەی دی گشایەوە كەچی تا سەدەی حەوتەم ئاوەدان بووە بەڵام وێدەچێ لە كاتی هێرشی تەیمور بەتەواوی تەفروتەنا بووبێ [11].

**ب) شارەزوور**

ناوچەی شارەزوور بە مانای تایبەت بریتیە لە دەشتێكی پان و بەرین و بە پیت كە چل كیلۆمتر پان و ٥٨ كیلۆمتر درێژە و ڕووبەرەكەی دەبێتە دووهەزار و سێسەد و بیست كیلۆمتر كە لە خواروی كێوەكانی هەوراماندا هەڵكەوتووە. شارەزوور لە سەدەی چواری كۆچی لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی حەسنەویەی كوردیدا بووە [12]. شارەزوور بە هۆی ئەوە كە لە

نێوان ڕێگای مەداین پایتەختی کۆنی ئێران و شیز (تەختی سولەیمانی ئێستا هەڵکەوتوو لە تکاب) پەرستگەی زەردەشتیان هەڵکەوتبو لە ئێران بە شاری نیوەڕێ ناسرابوو.[13]

**ج )حلوان**

شاری حلوان لە باشووری سەرپێڵی زەهاوەوە هەڵکەوتبوو و دەوترێ کە شارەکە بە دەستی قوبادی ساسانی دروست کراوە. حلوان کە بە هاتنی ئیسلام گورا و ئیسلامی هێنا، وەك گشت ناوچە بەشێك بووە لە ئەیالەتی جیبال[14] وا دیارە لەو کات حکومەتی بەنی عەناز ( ٣٨١ -٥٥١ کۆچی /٩٩١-١٠١٧ زایینی ) کە حکومەتێکی کوردی بووە و هاوکات بووە لە گەڵ حەسنەویەکان لەو ناوچەیە حوکمی کردووە و شاری حلوان پایتەختی بووە.[15] حلوان لە سەدەی حەوتەم کاتێك کە قەزوینی پەرتووکەکەی دەنووسێ، شارێکی وێران بوو و تەنیا کانیە گۆگردەکانی ناو و ناوبانگی هەبوو[16] .




سەرچاوە:ئیمارەتە کوردیەکانی سەردەمی عەباسیەکاندا، عەزیز عەبدوڵڵا، کامەران(٢٠١٢) ،(٢)

**کەسایەتیە ڕووشنبیرەکانی ناوچەی گەرمەسیر لە سەردەمی عەباسیەکاندا**

**ا) ئیبنی قوتەییەی دینەوەری(٢١٣-٢٧٦هـ.ق)**

ئیبنی قوتەییەی دینەوەری یەکێك لەو مامۆستا پایەبەرزانەیە کە هەڵگری ئاڵای ڕووشنبیری ناوچەیە و لە زۆر بواردا هەژموونی خۆی سە پاندووە. ئیبنی قوتەییە لە سەرف و نەحو ، قسەڕەوانی و ڕخنە ، مێژوونووسی ، تەفسیر و حەدیس ، سەرتۆپ و دەستڕەنگین بووە. بۆ وێنە لە بواری مێژوو بەرهەمی قوتەییە لە دوو پەرتووکی عیون‌الاخبار و المعارف خۆی نیشان-دەدات. عیون‌الاخبار لە سەرچاوەکانی سەرەکی مێژووی رامیاری و ویژەیی و ڕەنگدانەوەیەك لە دۆخی کۆمەڵایەتی و کلتوری ئەو سەردەمەیە و بە بەراورد لە گەڵ بەرهەمەکانی‌تر لەم بوارەدا، لە بواری ڕێکوپێکی و یەکگرتوویی دەق بێوێنەیە. هەروەها لە المعارفدا بەسەرهاتی کەسایەتیەکانی سەدەی یەکەم تا نیوەی یەکەمی سەدەی سێهەم کە هەر کام بە شێوەیەك لە ژیانی رامیاری و زانستی ئەو سەردەم کاریگەربوونە، بە کورتی باس دەکات[١٧] .

**ب) عەبدوسەلام قەرمیسینی بەسری (؟-٤٠٥ه.ق)**

عەبدوسەلام لە بیرمەندانی زانستی وشە بوو کە چەند بەرهەمێکیشی لەم بوارەدا تۆمار کردووە. عەبدوسەلام بۆ درێژەدان بە زانست ڕێگای بەغدای گرتەبەر و بوو بە خەزێنەدار و سەرۆکی پەیمانگای مامۆستایانی ناوەندی خەلافەت. دەوترێت: لە نێوان ئەو و ابوالعلاوی معری لە کاتی بوونی لە بەغدا پێوەندییەکی برادرانە بەستراو لە بواری زانستی کەڵکیان لە لێهاتوویی یەکتر وەرگرت[١٨] .

**ج) علی بن حەسەن حلوانی(٤٥٠-٥٢٠ هـ.ق)**

حلوانی زانایەکی بە ناو بانگ لە شێعر و وێژە و فێقە و ئوسول بووە. حڵوانی فێقهی خوێندکاری "ابواسحاق شیرازی" بووە، دوواتر بە هۆی بیری تیژیەوە لەم زانستەدا بوو بە پسپۆڕ و پەرتووکی التلویحی لە فێقهی ڕێبازی ئیمام شافعی و ئوسولی نووسی[١٩] .

**چ ) کەماڵەدین شارەزووری( ٤٩٢-٥٧٢ ه.ق )**

کەماڵەدین کە لە شاری موسڵەوە لەدایك بووە، جیا لە تەفسیر و حەدیس کە یەکێك لە مامۆستاکانی لێهاتوی ئەم بوارە بووە، زۆربەی ناوبانگەکەی بەهۆی دادوەرییەکانیەتی. کەماڵەدین کەسێکی باوەڕ پێکراوی نوورەدین زەنگی بوو و تا کۆتایی ژیان لە لای ئەم پاشایە ئەرکی دادوەری بوونی موسڵی پێ سپێرردرا[٢٠]. دێخۆدا نوسەری قاموسی بە ناوبانگی ئێرانی بە پشتبەستن بە زرکلی لە الاعلام، نووسراوەکانی وەکوو التفسیر الکبیر، التفسیر الاوسگ، التفسیر الصغیر و الکافی لە تەفسیر و نەحو لە کارەکانی کەماڵەدین زانیوە[٢١]. کەماڵەدین هەروەها لە شێعر بە تایبەت لە وەسفکردن دەستێکی گەورەی هەبووە[٢٢]

**سەلمێنراوە زانستیەکانی توێژینەوە**

**دۆخی هەمەواری کەش**

کەش هەروەك ئەلسۆرس هانتینگتۆن دەدوێ لە گەشەسەندنی شارستانیەت و بیر و بوچونی مرۆڤ زۆر کاریگەرە، بە شێوەیەك ئەمە وا لە هانتینگتۆن دەکات کە پێگەیەکی ڕەها و یەك لایەنە بۆ کەش دانێ[٢٣] ابن‌خەلدون لە موقەدەمەیدا باسی کاریگەری کەش لە سەر ئەخلاق و دەرونی مرۆڤ دەکات[٢٤] بە هەمان شێوە مۆنتێسکیۆ باس لە پێوەندی بەهێزی کەش لە گەڵ سیستمی رامیاری و کۆیلایەتی دەکات و لە پێشەکی باسەکەیدا دەنووسێت: سفەتەکانی ڕوح و هەستەکانی دڵی مرۆڤ لە کەش و هەوای جیاوازدا، جیاوازیان هەیە[٢٥] بەڵام وێدەچێ پێوەندی مرۆڤ و ژینگە پێوەندیەکی دوولایەنە بێت. لە لایەك ژینگە کاریگەری خۆی لە سەر مرۆڤ بە جێ دێڵێ، لایەکەی تریشی ئەوەیە کە کردار و چالاکی مرۆڤ ژینگە تووشی ئاڵوگۆری دەکات[٢٦] بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێت لەو پێوەندییە وەکوو زنجیرێك یاد بکرێ کە: پێگەی جوگرافیایی، کەشێکی تایبەت دەخولقێنێ، هاوتا لە گەڵ کەش لە هەر ناوچەیەك،ڕووەکی تایبەت دەڕوێت. پەیوەست بوونی ڕووەك، ژیانێکی زیندەوەری تایبەت دەڕەخسێنێت. کەواتە لە هاوکاری و بەردەوام بوونی سێ فاکتەری کەش، ڕووەك و ژیانی زیندەوەری، جوگرافیای مرۆڤی تایبەت دەخوڵقیت[٢٧]. بە واتایەکی تر، تایبەتمەندیەکانی مرۆڤ و هاوسەنگییەکانی جوگرافیا زۆرتر لە هەموو شتێك بە کەش پەیوەستە[٢٨] و کاریگەریەکی زۆر قوڵ لە سەر ژیانی مرۆڤ بە

جێ دەهێڵێت[29]. ئەم پێوەندییە خۆی لەم زنجیریەدا حەشارداوە کە کەش لە گەڵ خاك و بەرز و نەزمییەکانی زەوی یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە زۆرترین کاریگەری لە سەر "شێوەی ژیان" لە هەر مەکۆیەك دادەنێت[30] هەر لەم پێوەندییەدا ئالسۆرس هانتینگتۆن باس لە کەشێکی گونجاو دەکات، ئەو مەرجی سەرەکی بۆ دروست بوونی ژیارێکی پێشکەوتوو دادەنێت[31].زانای بەناوبانگ برۆکس پێی وایە ئەو ناوچانەی کە ژیاریان تێدا سەرهەڵداوە ڕەنگە لە کاتی خۆی خاوەن باشترین کەش بووبن[32].

ناوچەی گەرمەسێر کە خاوەنی پێدەشتی پان و بەرین و پڕپیت و بەرەکەت و هەروەها کێو و گردی ئەستەمە بە هۆی دابارینی باش، کانی و ڕوباری زۆری تێدا هەڵکەوتووە و خاوەن کەش و هەوایەکی گەرم و ووشکە[33] ئەمانە ڕۆڵێکی گرینگیان لە بەرهەمهێنانی بەروبومی کشت و کاڵ و ئاژەڵ بۆ ناوچە و هەناردەکردن گێڕاوە و بە درێژایی مێژوو، ئابوری ئەم ناوچەیە لە سەر دوو شێوەی بەرهەمهێنانی ئاژەڵداری و کشت و کاڵ[34] چسپاندووە. "هەڵکەوتی هەمەوواری کەش و هەوا" لە دوو بواردا خزمەتی بە گەشەسەندنی ڕووشنبیری ناوچەکە گەیاندووە: لە لایەك کەمتر بیری تاکی بە گرفتەکانی خۆیەوە سەرقاڵ کردووە، ئەمە بووەتە هۆی ئەوە کە بەشێك لە بیری تاك ئازاد بێ" ئەم ئازاد بوونی بیرە بووەتە هۆی ئەوە کە کەسانی بیرتیژی ناوچە بیر لە داهێنان بکەنەوە و بەشێکی بەرچاو لە هزریان لە جیگەی سەرقاڵ بوونی بەڕێوەبردنی ژیان، تەرخانی داهێنانی کلتوور و نووسین بێت و ژیاری ناوچەکەی پێ دەوڵەمەند بکرێت.

## هەڵکەوتی جوگرافیایی

هەڵکەوتی جوگرافیایی لە گرینگترین فاکتەرە سروشتیەکانە. ئەم فاکتەرە جیا لە وەی کە لە شێواز و چەشنی شوینی نیشتەجێبونی مرۆڤ کاریگەرە بەڵکو پێشکەوتنەکانی ئابوری، کەل و پەلی خۆپاراستن، هزر، بۆچوونی رامیاری کۆمەڵگاش دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیدا[35] و لە پێوەندی لەگەڵ هەڵکەوت[36]، ئەوەی کە جێی سرنجە ئەوەیە کە، چارەنووس و سروشتی کۆمەڵگا دیاری دەکات. جۆرج فریدمەن لەو بووارەدا دەنووسێت: "هەڵکەوت سروشتی کۆمەڵگا دیاری دەکات" توانا و دەسەلات، هەروەها خاڵە لاوازەکان دادەسەپێنێ... هەڵکەوت: ئابوری، عەشق و ترسەکانیش دیاری دەکات[37]".

یەكێك لە گرینگترینی ئەم هەڵكەوتانە، "هەڵكەوتی بناریە" و خاوەن ئەو ناوچانە، تایبەتمەندی بێهاوتایان هەیە. هەر لە چاخەكانی كۆنەوە ئەم هەڵكەوتە دڵنیاترین تێپەرینگەی كوێستانەكانیان دروست كردووە، لە قۆناغەكانی مێژوودا وێستگەكانی كاروانی وەكوو شارە بازرگانیەكان و سەنتەری گۆڕینەوەی شتوومەكی پێگە و بایەخ بەخشیوە[٣٨]. ئەم هەڵكەوتە لە ناوچە ووشكانیەكان، زیاتر بە هانای مرۆڤ هاتووە. دەست پێڕاگەیشتنی ئاسان بە ئاوەكانی ژێرزەویی، هەموو كەرەستەیەكی بۆ بنیات نانی بناغەی دەسپێكی كۆمەڵگا لە خزمەت مرۆڤ داناوە[٣٩]. ناوچەی گەرمەسێر كە بەشێكە لە مانگی بە پێت، خاوەن هەڵكەوتێكی بناریە.

**پێگەی جوگرافیایی گواستنەوە و ڕێگا و بان**

گرینگی "ڕێگا" بەم هۆیەوەیە كە ڕێگا ڕۆڵی سەرەكی لە گواستنەوە و پەرەپێدانی هزر و فكری مرۆڤ دەگێڕێ و چالاكیەكانی مرۆڤیش وەكوو بازرگانی، سەفەر و شەڕ لە ڕێگا دەگوازرێنەوە و ڕێنوێنی دەكرێن[٤٠] لە پێش سەرهەڵدانی بازرگانی ئەقیانوسی ئەتلەسی باكوور، ڕێگاكانی سەرەكی بازرگانی دونیا، وڵاتانی زەریای ناوەڕاستی پێك گرێدەدا، دواتر وەسڵی تەنگەڵانی بۆسفرِ و زەریای ڕەشی دەكرد و لە ڕێگای وشكانی ئاسیای بچوك و باكوور عەرەبستان و تەنگەڵانی سوئێز و لە ڕێگای زەریای سوور دەگەیشتە هێند و ئافریقای رۆژهەڵات. بەشی سەرەكی شارستانیەتی كۆن لە سەر ئەم ڕێگایە بنیات نرا و بازرگانی ئەوان گۆڕینەوەی شتومەك و بیر و هزر بوو[٤١].

هەر لەو چوارچێوەیەدا، گریمانە دەكەن تێپەرگەكانی مانگی بە پیت كە ناوچەی گەرمەسێریش لە سەری هەڵكەوتووە، لە كۆنەوە، گرینگترین ڕێگای ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژئاوا بوبن وا دەخەمڵێندرێ كەڵك وەرگرتنی كۆمەڵگای ئینسانی لێیان بۆ ٦٠٠٠ هەزار ساڵ بەر لە زاین دەگەڕێتەوە. هەرچەندە ئەم پێگەیە بۆتە بەستێنێك بۆ بنیاتنانی ژیار و زۆرێك لە شارەكان بەڵام لە شەڕیش كاریگەری هەبووە، بە ڕادەیەك كە تا ئێستا شایەد هیچ جێگا لە دونیا بە بارتەقای ئەم ناوچەیە دەستاودەست نەكرابێت[٤٢]. بەڵام لە پێوەندی لە گەڵ بابەتی توێژینەوە پیویستە بوترێت كە لە سەردەمی خەلافەتی عەبباسی( سەدەی هەشتی زایینی/دووی كۆچی مانگی ) ئیمپراتورەكانی چین و ئیسلامی، هەر دووكیان، دان و

ستانیان هاندەدا. كاروانە بازرگانیەكان جارێكیتر دووای سەدەی دووی زایینی، لە ڕێگای هەوریشم دەستیان بە هاتووچۆ كردەوە[٤٣] . بەم شێوەیە بازرگانەكان لە پاڵ داب و نەریت هوی بڵاوبوونەوەی بیر و هزریش دەبون.




نەخشەی ڕێگای بازرگانی هەوریشم لە سەردەمی عەبباسیەكان( ،ئی.دان، راس و دیگران، تاریخ تمدن و فرهنگ جهان، پیوند فراسوی زمان و مكان، ترجمه عبدالحسین آذرنگ، انتشارات سخن، تهران،خ١٣٨٨،ل ٣٥٣،( ٣ )

سەرەڕای ڕێگای هەوریشم، لە سەردەمی مەبەستی توێژینەوەدا، فاكتەرێكی تریش بووە هۆی گرینگی دانی ئەم ڕێگایە ئەویش حەج و زیارەتی مزارگەكانی پیاوە پیرۆزەكانی ئیسلام لە عێراق بو كەناوچەی گەرمەسیر كەم مەوداترین ڕێگای[٤٤] و [٤٥] دەرەخساند هەر بۆیە لەو چاخەدا ئێرانیەكان بە شارەزووریان دەوت شاری نیوەڕێ. ئەم دۆخەش لە جێی خۆیدا هەوتەریب لە گەڵ بازرگانی توانیبوی كاریگەریەكی زۆر لەسەر ڕووشنبیری ناوچەكە بە جێ بێهێلێت.

## نیشتەجێ بوون یا شارستانی

ژیانی شار ژینگەیەكی كۆمەڵایەتی دەرەخسێنێ كە لە ناویدا فەرهەنگ و چاندی مرۆیی بە پێشكەوتوترین چوارچێوەكانی تێپەر بكات. سەرهەڵدانی شار لە ٣٠٠٠ پ.ز. وەكوو شكڵێكی تازە لە نیشتەجێبوون و جیاواز لە ژیانی دێهاتی و خێڵ و عەشیرە، بە یەكێك لە تایبە تمەندیە بنەمایی و گرینگەكانی شورشی كلتوری گەورە دەناسرێت[٤٦] .

لە كاتێكدا كە لێكۆڵینەوەكانی شوێنەوارناسی بە ناوبانگی گیرشمن لە ناوچەی گەرمەسیر و بەتایبەت لە دینەوەر ئەوە دەردەخات كە گرینگتری دەورانی سەرهەڵدانی ژیانی شار و پەرەپێدانی ژیار لەو ناوچەیە بۆ چاخی ساسانیەكان دەگەڕێتەوە[٤٧]. شار توانیویەتی لە پاڵ ئابوری كشت و كاڵ، نیشانەی ڕوون لە شارستانیەت، لە ناوچەكە دروست بكات.جوگرافیناسانی سەدەكانی سەرەتایی ئیسلام وەك اصگخری(لاپەڕەكانی ١٩٥-١٩٨)، نووسەری حدود و العالم(لاپەڕە١٤١) و موقەددەسیش(لاپەڕە ٣٩٤) تێكرا لە ئاوەدانی و نیشتەجێبوویی ناوچەكە دواون[٤٨] باس كردن لە گرینگی شار وەك فاكتەرێكی گرینگ لە ڕووناكبیری ناوچە لەوە خۆی نیشاندەدا كە شار بە پێچەوانەی ژیانی ناسەقامگیری ئاژەڵداری كە لە گەڵ وەرزەكان مەكۆیان دەگۆڕن و تەنانەت ژیانی لادیەكانیش، بەستێنێكی باش بۆ داهێنانی بیر دەرەخسێنێ، بە هۆی ئاسایش و كاتی ئازادی زیاتر كە لە بەردەم تاك دادەنێ ئەو بووارە بۆ تاك دەرەخسینیت. لەدەرەوەی ژیانی ڕۆژانە بیر لە خۆلیاكانی كاتەوە و داهاتوو لە سەر ئەو بنچینەیە دابمەزرێنێت، ئەو بنچینەی كە لەو سەردەمە لە گەرمەسیر بۆ تاكی گەرمەسیری بە بەراورد بە دەورووبەر ڕەخسابوو.

### سەقامگیری رامیاری

ڕوون و ئاشكرایە پێوەندیەكی ڕاستەوخۆ لە نێوان داهێنان و دۆخ هەیە، بەو مانایە كە دۆخی ناهەموار و شەڕ هزر و بیری مرۆڤ بەرەو داهێنانی كەلوپەل و ستراتژی پاراستن، هەروەها دۆخی ئاشتی و تەبایی و سەقامگیری رامیاری ئاراستەی بیری مرۆڤ بەرەو داهێنانی ستراتژی تەبایی، گەشەسەندنی بازرگانی و خۆشگوزەرانی و... دەبات. لە سەردەمی عەباسیەكانیش بە هەمان شێوە[٤٩] وادیارە هەرچەند لەو كاتم دەسەڵاتی خەلافەت ڕەها نەبووە و دەسەلاتە خۆجێیەكان بوونیان هەبووە و لە گەرمەسیر عیشانیان، حەسنەویان و بەنی عەناز حوكمی ناوچەیان كردووە بەڵام سەردەمێكی سەقامگیر لە بواری رامیاری بووە، (تەنانەت ئەمە دەتوانێ بە شێوەیەك لە شێوەكان بنیاتی تێزێك بە ناو و نیشانی "پێوەندی ڕووناكبیری و حكومەتی خۆماڵی" داڕێژێ) ئەمەش بۆتە هۆی ئەوە كە بازرگانی، پیشەسازی و زانست لە ناوچە هاوتەریب لە گەڵ تەواوی وڵاتی ئیسلامی لە گەشەدا بێ.

### نزێك بوون لە پایتەختی رامیاری

بە سرنجدان بە نزیكبونی جوگرافی و كلتوری هێڵی گەرمەسیر لە پایتەختی رامیاری پشكی ئەم ناوچەیە لە دەوڵەمەند كردن و درەوشاندنەوەی زانستی عەرەبی و ویژەیی و (بە پێچەوانەوەش) حاشا هەڵئەگرە[٥٠] كەواتە "مەودا" رۆڵێكی كاریگەر لە پێوەندی دیاردەكان و داهێناندا دەگێرێت. لێرەدا مەبەست لە مەودا هەم مەودای جوگرافی و هەم مەودای كۆمەڵایەتی – ئابووریە[٥١] بەم پێیە "نزێكبوون" زۆرگرینگە و دەتوانێ ناو و نیشانی "كاریگەری نزیكبوون"ی لێدانریت[٥٢]. هزروانانی ئەو ناوچەیەش بە كاریگەر وەرگرتن لە مامۆستایانی بە ناوبانگی ویژەی عەرەبی لە ژینگەكانی زانستی و ویژەیی، وەكوو بەسرە، كوفە، بەغدا و هتد بە كەڵك وەرگرتن لە زمانی پاراوی ویژەی عەرەبی و هەروەها بە پەروەردەكردنی خوێنكارانێكی زۆر و ئافراندنی شاكاری زانستی و بەرهەمی گرینگی ویژەیی خۆیان، لە بەرزبوونەوەی زانستی عەرەبی و دەوڵەمەندكردنی ویژەی عەرەبی، تا ساڵانێك رۆڵی گرینگیان هەبوو[٥٣]. لە پاڵ ئەوەشدا لە بەرز بوونەوەی ئاستی زانستی ناوچەكە جێ پێیان دیارە. بێگومان لێرەدا گرینگی "مەودا" و نزێكی لە پایتەخت تارادەیەكی زۆر كاریگەرە.

### هەڵكەوتی جوگرافیایی لە نێوان دوو ژیاری عەرەبی – ئێرانی

ناوچەی گەرمەسیر لە نێوان دوو ژیاری عەرەبی(ئیسلامی) – ئێرانی هەڵكەوتووە. تا پێش سەردەمی مەبەست تەنیا خەلافەتی حوكمی ناوچەكەی دەكرد بەڵام لە دەسپێكی سەدەی سێهەم بوار بۆ حكومەتەكانیتر رەخسا. لە رۆژهەڵات و باكووری ناوچەی گەرمەسیر سێ حكومەتی یا خۆد ئەمارەتی سامانیان (٢٧٨-٣٩٥ كۆچی)، ئالی بویە( ٣٣١-٤٤٧ كۆچی)، ئالی زیار و غەزنەویان( ٣٦٧-٥٣٨ كۆچی) سەریان هەڵدا كە بەردەوام پیكەوە لە كێبركێدا بون و تا رادەیەك یەكگرتوویی ناوخۆیی دەسەڵاتی ناوەندیان لاواز كرد[٥٤] ئەم دۆخە بە زاڵبوونی ئالیبویە بە سەر بەغدا، زیاتر توند بو و خەلیفەی عەبباسی هەژمونی خۆی زیاتر لە جاران لە دەستدا[٥٥]. بەڵام ئەوەی جێی ئاماژەیە ئەوەیە كە دوو شارستانیەتی عەرەبی-ئێرانی بۆ یەكەمجار لە یەك ناوەند یەكێكیان رامیاری و ئەوی تریان لە بواری ئایینەوە حوكمی ناوچەكە دەكەن. وا هەست دەكرێ ئەم دۆخە تایبەتەش تا رادەیەك لەو سەردەمە سەنگایی خۆی دانابێ بە هۆی ئەوە كە

لە پاڵ دەسەڵاتی دوو ژیار لە یەك ئان و ساتدا، فەزا تا ڕادەیەك ئازاد بووە و ئەمەش بوارێكی باشی بۆ گەشەی فكری ناوچە ڕەخساندووە.

## كەشی رامیاری زاڵ (ئیسلام) و ئیمان بە ڕێباز

دوابەدوای ئەوە كە ئیسلام توانی بە سەر دوو ئیمپراتۆڕیەتی گەورەی ساسانی و بیزانسدا سەر كەوێ[٥٦] كەشێكی تایبەت باڵی بە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا كێشا كە تا ئەو سەردەم هەستی پێنەكرابوو. ئەم دۆخە تازەیە هەستێكی مەعنەوی و پەیوەندی لە گەڵ بیروباوەری تاكەوە هەبوو، وای لە مرۆڤ دەكرد بێگەردانە لە پێناوی بیروباوەڕەكەی تێبكۆشێ، هەر بۆیەش دەبیندرێ كە سەردەمانی زوو (سەدەكانی تا چوار و پێنجی كۆچی) ئەوپەری دەسكەوت لە بوارەكانی زانست و بیر باوەشی بە سەر ناوچە كێشا و بە چاخەكانی زێڕینی ئیسلام ناسران. ناوچەی گەرمەسیر، بەدەر لەم كەشە نەبوو. بەتایبەت بە سرنجدان بە هەڵكەوتی ناوچەكە كە جیا لەوەی كە لە نزیك پایتەختی ئیسلامەوە بوو، لە سەر ڕێگای هەوریشمیش هەڵكەوتبو، هەموو بوارەكانی بۆ پێشكەوتنی ناوچەی گەرمەسیر لە چوارچێوەی كەشی رامیاری زاڵی ئەو سەردەمەی ڕەخساند و تاكی كوردی هاندا كە بەشێكی كارا لە كاروانی ڕووناكبیری سەردەم بێت.

## شرۆڤە و ئاكام

سەردەمی زێڕینی عەبباسیەكان، ترۆپكی ڕووشنبیری ناوچەی گەرمەسیر بووە. ئەم ناوچەیە لە نێوان سەدەكانی سێهەم تا حەوتەمی كۆچی، بە پێشكەش كردنی زانا و وێژەوانی پایە بەرز نە تەنیا لە گەرمەسیر بەڵكو لە سەر ئاستی ناوچەییش ڕۆڵی گرینگی لە ئاڵ و گۆڕەكانی زانستی عەرەبی و وێژەیی دا هەبوە. بە شێوەیەك ئەم هێڵە لە سەردەمی عەبباسیەكان دەبێتە ئاوێنەی بەغدا لە بواری زانست و وەك نووسەرێك لە ئاكامی توێژینەوەكەی دا دەڵێ: "گەرمەسیر توانی كاكەشانێك لە وێژەوان، نووسەر، دادوەر، زانایان، حەدیسەوان، مێژوونووس و موفەسر پەروەردە بكات و بەناوبانگترین ناوەكانی سەردەم لە بواری وێژە و هزر بە دونیا بناسێنێت[٥٧]".چۆن گەرمەسیر توانی لەو سەردەم بەو ئاستە بگا و هۆ و بەستێەكانی بنیات گرتنی ڕووشنبیری لەو ناوچەیە چ بوون؟ دوو پرسیاری سەرەكێن كە بوونە هەوێنی

ئەم توێژینەوەیە. بە گەڕان بە دوای هۆكاندا و بە سرنجدان بە تئۆری بڵاوبوونەوەی فەزا كۆمەڵێك فەكتەر لە بەدیهاتنی روشنبیری لەو سەردەمە لە گەرمەسیر بەهێز دەردەكەون.




فاكتەر و بەستێنەكانی بنیات گرتنی ڕووشنبیری لە ناوچەی گەرمەسیر لە سەردەمی عەبباسیاندا (توێژەران ).٢٠١٧، (٤ )

چوار فاكتەری هەڵكەوتی جوگرافیایی شوێن، نزێك بوون لە پایتەختی رامیاری، پێگەی جوگرافیایی گواستنەوە و ڕێگا و بان لە گەڵ هەڵكەوتن لە نێوان دوو ژیاری عەڕەبی – ئێرانی لە چوارچێوەی تێۆری بڵاوبوونەوەی فەزادا تا ڕادەیەك دەتوانێ شكڵگرتنی دۆخە بەم شێوەیە شێ بكاتەوە كە" هاوتەریب لە گەڵ ئەوەی كە لە بەغدای پایتەخت، لە بواری فكریەوە جموجۆڵێك لە ئارا دا بوو، بە هۆی هەڵكەوتی جوگرافیای گەرمەسیر و نزێكی لە بەغدای پایتەختی ئەو سەردەم و پێوەندی بەهێز لە بواری ڕێگا و بان لە گەڵ بەغدا، بڵاوبوونەوەی هزر ڕوویداوە و بۆتە هۆی ئەوە كە گەرمەسیر ئەودەم قۆناغێكی زێڕینی ڕووشنبیری بەخۆوە ببینێت.

بەڵام وێدەچێ كە ئەوە هەموو بابەتەكە نەبێت، بەڵكو لە دروستبوونی ئەو قۆناغە زێڕینیە چەند بەستێنێكی تریش هەیە كە دەبێ لە بەرچاو بگیرێن. دۆخی هەمووارى كەش و هەوا، سەقامگیری رامیاری، نیشتەجێ بوون یا شارستانی و كەشی رامیاری زاڵ (ئیسلام) و ئیمان بە ڕێباز چەند ڕەهەندێكی تایبەتن كە ڕێگایان بۆ گەشەسەندنی ڕووشنبیری لەو كات هەموار كرد. لە كۆتاییدا دەبێ بوترێ كە دەستدانی ئەم چەند ڕەهەندە لە پێوەندی بە یەكەوە باشتر دەتوانێ وڵامێكی زانستی بۆ چونیەتی و هۆكانی گەشەسەندنی ڕووشنبیری لە ناوچەی گەرمەسێر بێت.

## پەراوێزەكان

١) پیتر، هاگت (١٣٧٥) جغرافیا تركیبی نو(جلد ١) ترجمه شاپور گودرزی نژاد، انتشارات سمت، چاپ دوم،ص٢٧.

٢) حسین، شكویی (١٣٨٩) اندیشەهای نو در فلسفه جغرافیا(جلد اول)، انتشارات گیتاشناسی، چاپ دوازدهم، تهران،ص٣٠١.

٣) سەرچاوە پیشو، ص٣٠١.

٤) پیتر، هاگت (١٣٧٥) جغرافیا تركیبی نو(جلد ١) ترجمه شاپور گودرزی نژاد، انتشارات سمت، چاپ دوم،صص ٩٠-٩٢.

٥) حسین، شكویی (١٣٨٩) اندیشەهای نو در فلسفه جغرافیا(جلد اول)، انتشارات گیتاشناسی، چاپ دوازدەهم، تهران،صص ٣٠٥-٣٠٦.

٦) سەرچاوەی پیشو ،ل ٣٠٢.

٧) علی اكبر، علیزاده (١٣٨٩) تاریخ و جغرافیای تاریخی گیلانغرب، كرماشان، نشر باغ نی،ص٩.

٨) سید ابوالفضل، رضوي و دیگران(١٣٩٥) جایگاه سیاسی امارت در همگرایی جامعه و حكومت ایرانی در دوره اسلامی، فصلنامه علمی – پژوهشی تاریخ اسلام، سال هفدهم، شماره دوم، شماره مسلسل ٦٦ ،ص١٢٨.

٩) كامەران، عەزیز عەبدوڵڵا (٢٠١٢) هۆكارەكانی سەرهەڵدان و ڕووخانی میرنشینە كوردییەكان لە سەردەمی عەبباسیدا" لێكۆڵینەوەیەكی شیكاری مێژووییە، بڵاوكراوەی ئەكادیمیای كوردی، ژمارە ١٦٢، هەولێر،ل ٤٧-٥٨.

١٠) میرشەڕەفخان، بدلیسی (٢٠٠٦) شەڕەفنامە، وەرگێڕانی مامۆستا هەژار، چاپی و بڵاوكراوەی ئاراس، چاپی سێهەم،ل٣٣.

١١) گای، لسترنج (١٣٩٠) جغرافیای تاریخی سرزمین‌های خلافت شرقی، ترجمه محمود عرفان، تهران، علمی و فرهنگی، چ ٨ ، ص٢٠٤.

١٢) جەلالەدین، شافعی كوردی (١٣٧٨)جوگرافیای تاریخی كوردستان، چاپی ن و القلم، تاران،ل٢٥.

١٣) بارتولد، و (بیتا) تذكرة جغرافیای تاریخی ایران، ترجمه حمزه سردادور، تهران، توس ، ص ٢١٦.

١٤) ولاديمير، مينورسكى (١٣٩٣) بنى‌عناز" خاندانى حكومتگر در جهان اسلام، ترجمه آرمان فروهى، تاريخنامه خوارزمى، فصلنامه علمى – تخصصى – سال اول، ص١٣٧.

١٥) كامەران، عەزیز عەبدوڵڵا (٢٠١٢) هۆكارەكانی سەرهەڵدان و ڕووخانی میرنشینە كوردییەكان لە سەردەمی عەبباسیدا" لێكۆڵینەوەیەكی شیكاری مێژووییە، بڵاوكراوەی ئەكادیمیای كوردی، ژمارە ١٦٢، هەولێر، ل ٥٨.

١٦) حمدالله، مستوفى قزوينى (١٣٦٣) نزهه‌القلوب، به كوشش محمد دبيرسياقى، تهران، كتابخانه ظهورى، ص٤٠.

١٧) عنايت‌اله، فاتحى‌نژاد( ١٣٨٧) امهات المصادر العربيه، چاپ پنجم، تهران، سمت، ص١٨.

١٨) شعله، ظهيري، بررسى نقش مراكز علمى ايران در پيشبرد علوم عربى و ادبى عباسى، نمونه موردى: دينور، قرميسين، شهرزور و حلوان، كاووش نامه ادبيات طتبيقي، مطالعات طتبيقي عربى-فارسى، سال پنجم، شماره ١٨، سال ١٣٩٤، ص١٣٣.

١٩) سەرچاوە پێشو

٢٠) ئومێد، بەهرامی‌نیا( ٢٠٠٩) مێژووی كوردەكانی جەزیرە ٤٤٧-٦٥٦كۆچی، وەرگێڕانی عبدالرحیم معرفتی، بڵاوكراوەی پڕۆژی (تیشك)، ژمارە ٥٠، ل ٢٣٢.

٢١) شعله، ظهيرى، بررسى نقش مراكز علمى ايران در پيشبرد علوم عربى و ادبى عباسى، نمونه موردى: دينور، قرميسين، شهرزور و حلوان، كاووش نامه ادبيات تتبيقى، متالعات تتبيقى عربى-فارسى، سال پنجم، شماره ١٨، سال ١٣٩٤، ص١٣٢.

٢٢) شمس‌الدين، ابن خلكان (١٩٦٨) وفيات الاعيان و انباو و ابناو الزمان، تحقيق: احسان عباس، بيروت: دار صادر، ج ٤، ص٢٤١.

٢٣) Ellsworth, Huntington (1915) Civilization and Climate, Yale University Press.2.

٢٤) عبدالرحمن، ابن‌خلدون (١٣٦٢)مقدمه، ترجمه محمد پريز گنابادى، انتشارات علمى و فرهنگى، چاپ چهارم، ل١٥٧.

٢٥) منتسكيو( ١٣٤٩)روح‌القوانين، ترجمه على‌اكبر مهتدى، چاپ ششم، صص٣٩٠-٤٨٤.

٢٦) پيتر، هاگت (١٣٧٥) جغرافيا تركيبى نو( جلد ١) ترجمه شاپور گودرزى نژاد، انتشارات سمت، چاپ دوم، ص٢٩.

٢٧) حسين ، شكويى (١٣٨٨) فلسفه جغرافيا، انتشارات گيتاشناسى، چاپ چهاردهم، تهران، ص ٣٨.

٢٨) سەرچاوە پێشو.

٢٩) سەرچاوە پێشو، ل١٧٠.

٣٠) دابليو، گوردون ايست (١٣٩٢) تاريخ در بستر جغرافيا، ترجمه حسين حاتمى‌نژاد و حميدرضا پيغمبرى، انتشارات پژوهشكده تاريخ اسلام، ص٦٥.

٣١) Ellsworth, Huntington (1915) Civilization and Climate, Yale University Press.129.

٣٢) حسين ، شكويى (١٣٨٨) فلسفه جغرافيا، انتشارات گيتاشناسى، چاپ چهاردهم، تهران، ص ٦٣.

٣٣) علی اكبر، علیزاده (١٣٨٩) تاریخ و جغرافیای تاریخی گیلانغرب، كرماشان، نشر باغ نی،ص١٦.

٣٤) علی ، دهنوی(١٣٩٣) حكمت بنی حسنویه از ظهور تا سقوط(٣٣٠-٤٠٦ ق/٩٤١-١٠١٥م)، پژوهش‌های تاریخی (علمی-پژوهشی)، دانشكده ادبیات و علوم انسانی – دانشگاه اصفهان، سالْ پنجاهم، دوره جدید، سال ششم، ص١١٧.

٣٥) شكویی، حسین(١٣٨٨) فلسفه جغرافیا، انتشارات گیتاشناسی، چاپ چهاردهم، تهران،ص٢٤٤.

٣٦) منتسكیو(١٣٤٩)روح‌القوانین، ترجمه علی‌اكبر مهتدی، چاپ ششم، صص٣٩٠-٤٨٤.

٣٧) George, Friedman (2008) The Methodology of Geopolitics: Love of Ones Own and the Importance of Place. - : Strategic Forecasting,7-8.

٣٨) حسین، شكویی (١٣٨٨) فلسفه جغرافیا، انتشارات گیتاشناسی، چاپ چهاردهم، تهران،ص٢٦٢.

٣٩) سەرچاوە پێشو.

٤٠) دابلیو، گوردون ایست(١٣٩٢) تاریخ در بستر جغرافیا، ترجمه حسین حاتمی‌نژاد و حمیدرضا پیغمبری، انتشارات پژوهشكده تاریخ اسلام،ص٧٨.

٤١) لستر، كلیم و دیگران(١٣٨٨)جغرافیای اقتصادی، ترجمه فتح‌الله حكیمی، موسسه چاپ و انتشارات امیر كبیر، ص٤٤٩.

٤٢) حسین، شكویی (١٣٨٨) فلسفه جغرافیا، انتشارات گیتاشناسی، چاپ چهاردهم، تهران،ص٢٦٤.

٤٣) راس، ئی.دان، و دیگران، تاریخ تمدن و فرهنگ جهان، پیوند فراسوی زمان و مكان، ترجمه عبدالحسین أذرنگ، انتشارات سخن، تهران،خ١٣٨٨،ل ٣٥٣، ٣٥٢.

٤٤) علی، دهنوی(١٣٩٣) حكمت بنی حسنویه از ظهور تا سقوط(٣٣٠-٤٠٦ ق/٩٤١-١٠١٥م)، پژوهش‌های تاریخی (علمی-پژوهشی)، دانشكده ادبیات و علوم انسانی – دانشگاه اصفهان، سالْ پنجاهم، دوره جدید، سال ششم،ص ١٠٩.

٤٥) دابلیو، گوردون ایست(١٣٩٢) تاریخ در بستر جغرافیا، ترجمه حسین حاتمی‌نژاد و حمیدرضا پیغمبری، انتشارات پژوهشكده تاریخ اسلام،ص١٠١.

٤٦) علیرضا اشتری، تفرشی (١٣٩٢) جغرافیای تاریخی و جایگاه اقتصادی دینور، فصلنامه مطالعات تاریخ اسلام، سال پنجم، شماره ١٧،ص١١.

٤٧) سەرچاوە پێشو.

٤٨) راس، ئی.دان، و دیگران، تاریخ تمدن و فرهنگ جهان، پیوند فراسوی زمان و مكان، ترجمه عبدالحسین أذرنگ، انتشارات سخن، تهران،خ١٣٨٨،ل ٣٥٦.

٤٩) شعله، ظاهيرى، بررسى نقش مراكز علمى ايران در پيشبرد علوم عربى و ادبى عباسى، نمونه موردى:دينور، قرميسين، شهرزور و حلوان، كاووش نامه ادبيات طتبيقي، مطالعات طتبيقي عربى-فارسى، سال پنجم، شماره ١٨،سال ١٣٩٤،ص١٣٩.

٥٠) حسين، شكويى( ١٣٨٩ ) انديشه‌هاى نو در فلسفه جغرافيا( جلد اول )، انتشارات گيتاشناسى، چاپ دوازدههم، تهران، ص ٣٠٦.

٥١) سەرچاو پیشو.

٥٢) شعله، ظاهيرى، بررسى نقش مراكز علمى ايران در پيشبرد علوم عربى و ادبى عباسى، نمونه موردى:دينور، قرميسين، شهرزور و حلوان، كاووش نامه ادبيات طتبيقي، مطالعات طتبيقي عربى-فارسى، سال پنجم، شماره ١٨،سال ١٣٩٤،ص١٤٠.

٥٣) سيد ابوالفضل، رضوي و ديگران( ١٣٩٥ ) جايگاه سياسى امارت در همگرايى جامعه و حكومت ايرانى در دوره اسلامى، فصلنامه علمى – پژوهشى تاريخ اسلام، سال هفدهم، شماره دوم، شماره مسلسل ٦٦ ،ص١٣٣.

٥٤) على، دهنوى( ١٣٩٣ ) حكمت بنى حسنويه از ظهور تا سقوط( ٣٣٠-٤٠٦ ق/ ٩٤١-١٠١٥م)، پژوهش‌هاى تاريخى (علمى-پژوهشى)، دانشكده ادبيات و علوم انسانى – دانشگاه اصفهان، سالْ پنجاهم، دوره جديد، سال ششم، ص ١٢١.

٥٥) راس، ئى.دان، و ديگران، تاريخ تمدن و فرهنگ جهان، پيوند فراسوى زمان و مكان، ترجمه عبدالحسين أذرنگ، انتشارات سخن، تهران، خ١٣٨٨،ل ٣٢٦.

٥٦) شعله، ظاهيرى، بررسى نقش مراكز علمى ايران در پيشبرد علوم عربى و ادبى عباسى، نمونه موردى:دينور، قرميسين، شهرزور و حلوان، كاووش نامه ادبيات طتبيقي، مطالعات طتبيقي عربى-فارسى، سال پنجم، شماره ١٨،سال ١٣٩٤،ص١٤٠.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوەی کوردی


١)بدلیسی، میرشەڕەفخان( ٢٠٠٦ ) شەرەفنامە، وەرگێڕانی مامۆستا هەژار، چاپی و بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی سێهەم

٢)بەهرامی‌نیا، ئومێد( ٢٠٠٩ ) مێژووی کوردەکانی جەزیرە ٤٤٧-٦٥٦کۆچی، وەرگێڕانی عبدالرحیم معرفتی، بڵاوکراوەی پڕۆژی (تیشك)، ژمارە ٥٠

٣)شافعی کوردی، جەلالەدین( ١٣٧٨ )جوگرافیای تاریخی کوردستان، چاپی ن و القلم، تاران

٤)عەزیز عەبدوڵڵا، کامەران( ٢٠١٢ ) هۆکارەکانی سەرهەڵدان و ڕووخانی میرنشینە کوردییەکان لە سەردەمی عەبباسیدا" لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری مێژووییە، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ١٦٢، هەولێر

## سەرچاوەی عەرەبی


٥ )ابن خلكان، شمس‌الدين( ١٩٦٨ ) وفيات الاعيان و انباو و ابناو الزمان، تحقيق: احسان عباس، بيروت: دار صادر

٦ )فاتحی‌نژاد، عنايت‌الة( ١٣٨٧ ) امهات المصادر العربيه، چاپ پنجم، تهران، سمت


## سەرچاوەی فارسی


٧ ) ئی،ر اس، .دان، و ديگران، تاريخ تمدن و فرهنگ جهان، پيوند فراسوی زمان و مكان، ترجمه عبدالحسين أذرنگ، انتشارات سخن، تهران،خ١٣٨٨،ل ٣٥٣

٨ )ابن‌خلدون، عبدالرحمن( ١٣٦٢ )مقدمه، ترجمه محمد پريز گنابادی، انتشارات علمی و فرهنگی، چاپ چهارم

٩ ) بارتولد، و ( بی‌تا ) تذكرة جغرافيای تاريخی ايران، ترجمه حمزه سردادور، تهران، توس

١٠ )تفرشی، عليرضا اشتری( ١٣٩٢ ) جغرافيای تاريخی و جايگاه اقتصادی دينور، فصلنامه مطالعات تاريخ اسلام، سال پنجم، شماره ١٧

١١ ) دهنوی، علی(١٣٩٣ ) حكمت بني حسنوية از ظهور تا سقوط( ٣٣٠-٤٠٦ ق/ ٩٤١-١٠١٥م )، پژوهش‌های تاريخی (علمی-پژوهشی )، دانشكده ادبيات و علوم انسانی – دانشگاه اصفهان، سالٌ پنجاهم، دوره جديد، سال ششم

١٢ ) رضوي، سيد ابوالفضل و ديگران( ١٣٩٥ ) جايگاه سياسی امارت در همگرايی جامعه و حكومت ايرانی در دوره اسلامی، فصلنامه علمی – پژوهشی تاريخ اسلام، سال هفدهم، شماره دوم، شماره مسلسل ٦٦

١٣ ) ظهيری، شعله، بررسی نقش مراكز علمی ايران در پيشبرد علوم عربی و ادبی عباسی، نمونه موردی:دينور، قرميسين، شهرزور و حلوان، كاووش نامه ادبيات طتبيقي، مطالعات طتبيقي عربی-فارسی، سال پنجم، شماره ١٨ ،سال ١٣٩٤.

١٤ ) شكويی، حسين( ١٣٨٨ ) فلسفه جغرافيا، انتشارات گيتاشناسی، چاپ چهاردهم، تهران

١٥ ) شكويی، حسين( ١٣٨٩ ) انديشه‌های نو در فلسفه جغرافيا( جلد اول )، انتشارات گيتاشناسی، چاپ دوازدهم، تهران

١٦ ) عليزاده، علی اكبر( ١٣٨٩ ) تاريخ و جغرافيای تاريخی گيلانغرب، كرماشان، نشر باغ نی

١٧ ) كليم، لستر و ديگران( ١٣٣٨ )جغرافيای اقتصادی، ترجمه فتح‌الله حكيمی، موسسه چاپ و انتشارات امير كبير

١٨ ) گوردون ايست، دابليو( ١٣٩٢ ) تاريخ در بستر جغرافيا، ترجمه حسين حاتمی‌نژاد و حميدرضا پيغمبری، انتشارات پژوهشكده تاريخ اسلام

١٩ ) لسترنج، گای( ١٣٩٠ ) جغرافيای تاريخی سرزمين‌های خلافت شرقی، ترجمه محمود عرفان، تهران، علمی و فرهنگی، چ ٨

٢٠ ) مستوفی، قزوينی، حمدالله( ١٣٦٣ ) نزهه‌القلوب، به كوشش محمد دبيرسياقی، تهران، كتابخانه ظهوری

٢١ ) منتسكيو( ١٣٤٩ )روح‌القوانين، ترجمه علی‌اكبر مهتدی، چاپ ششم

٢٢ )منصوري عبدالمنصور و ديگران( ١٣٩٢ ) استان‌شناسی ايلام (كتاب‌های درسی )، تهران، شركت چاپ و نشر كتابهای درسی ايران

٢٣) مولف ناشناخته(١٣٤٠) حدود العالم من المشرق الى المغرب، به كوشش منوچهر ستوده، تهران: دانشگاه تهران

٢٤) مينورسكى، ولاديمير(١٣٩٣) بنىعناز" خاندانى حكومتگر در جهان اسلام، ترجمه آرمان فروهى، تاريخنامه خوارزمى، فصلنامه علمى – تخصصى – سال اول

٢٥) هاگت، پيتر(١٣٧٥) جغرافيا تركيبى نو(جلد ١و٢) ترجمه شاپور گودرزى نژاد، انتشارات سمت، چاپ دوم

**سەرچاوەی ئینگلیسی**

٢٦)Friedman, George (2008) The Methodology of Geopolitics: Love of Ones Own and the Importance of Place. - : Strategic Forecasting.

٢٧)Huntington, Ellsworth (1915) Civilization and Climate, Yale University Press.

## Abstract

The region of Garmasêr passed through the 3rd to 7th century AH with a golden age, during that period, Garmasêr region gave the world a group of scientist and intellectuals in various fields including (history, poetry, justice and education) and They had a great role to presenting the services that the region and the world deserves, The important thing here is codification of the historical heritage that begins with a lineof Dinur, Qarmaisin and Helwan and ends in Sharazur, This was the basis of a question adopted by the research after we looked for sources and how to analyzing data that related to the study area at that time, The research concluded that there are a number of dimensions that helped Garmasêr region to live in the golden era, including the geographical location and the appropriate climate and location of the region in terms of roads, transportation and security situation as well as the location of the region between the Arab-Iranian bloc and their proximity to the political capital and their settlement in civilized cities with religious political atmosphere Islam and the belief in the existence of strong ties between them.